لە چەندین پەیوەندیی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرۆک بارزانی
بە بۆنەی ڕووداوە تیرۆریستییەکەی دوێنێی شاری هەولێر:
سەرۆوەزیران و جێگری سەرۆوەزیرانی عێراق و جێگری سەرۆوەزیران و وەزیری دەرەوەی تورکیا و کارهەڵسوڕێنەری سەفارەتی ئەمریکا لە بەغدا و سەرپەرشتیاری (الملكيه الدستوريه) هاوخەمی و هاریکاریی خۆیان ڕادەگەیەنن

دوێنێ چوارشەممە 2005/5/4و لە چەندین پەیوەندیی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرۆک بارزانی، د.ئیبراهیم ئەلجەعفەری سەرۆوەزیرانی عێراق و د.ئەحمەد ئەلچەلەبی جێگری سەرۆوەزیران و بەڕێز عەبدوڵڵا گوڵ جێگری سەرۆوەزیران و وەزیری دەرەوەی تورکیا و باڵیۆز جیم جێفری کارهەڵسوڕێنەری سەفارەتی ئەمریکا لە بەغدا و شەریف عەلی بن حوسێن سەرپەرشتیاری (الملكيه الدستوريه)، بە بۆنەی ڕووداوە تیرۆریستییەکەی دوێنێی شاری هەولێر، کە بووە هۆی شەهید و بریندابوونی دەیان هاووڵاتی، پرسەو سەرەخۆشیی خۆیان بە سەرۆک بارزانی ڕاگەیاند و ئامادەیی خۆشیان دەربڕی بۆ هەموو هاریکارییەک.

بەڕێز عەبدوڵڵا گوڵ جێگری سەرۆوەزیران و وەزیری دەرەوەی تورکیا بەناوی خۆی و حکوومەت و گەلی تورکیا سەرەخۆشی لە سەرۆک بارزانی کردو ئامادەیی تورکیای دەربڕی بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیی پزیشکی پێویست.

سەرۆک بارزانی سوپاسی ئەم هەڵوێستە بە سۆزەیانی کردو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن و تەئکیدیشی لەسەر هەماهەنگیی نێوانیان بۆ بنبڕکردنەوەی تیرۆر و تیرۆریستان کردەوە.

ژمارە (1784)
پێنج شەممە 5ی ئایار 2005
15ی گوڵان 2705ی کوردی
(26)ی ربيع الاول 1426ک
«12» لاپەڕە
«300» دینار

خەبات
XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان

با تیرۆریستان بزانن، بە کارە تیرۆریستییەکانیان هەنگاوی دیکە لە ئامانجی ستراتیژیمان نزیک دەبینەوە

سەرۆک بارزانی پێشوازی
لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو حوسێن ئاغای سورچی دەکات

دوێنێ چوارشەممە سەرۆک بارزانی لە سەلاحەدین پێشوازیی لە هەردوو بەڕێزان مام ساڵح خدر ئاغا و جەوهەر حوسێن ئاغا و ژمارەیەک لە کورد و نەوەکانیانی کرد.

لە دانیشتنێکدا، خانەوادەی خوالێخۆشبوو حوسێن ئاغای سورچی پرسەو سەرەخۆشیی خۆیان بە سەرۆک بارزانی ڕاگەیاند؛ بە بۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو محەممەد خالید بارزانی-یەوە و ئاماژەیان بە دۆستایەتی و پەیوەندیی لەمێژینەیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کردو هیوای هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ خواست.

لە بەرامبەردا، سەرۆک بارزانی سوپاسی ئەو هەڵوێستەیانی کردو تەئکیدی لەسەر دۆستایەتی و پەیوەندیی نێوان ئەو خانەوادەیە و پارتی دیموکراتی کوردستان کردەوە و هەروەها دڵگرانیی خۆی بەرامبەر ئەو بارودۆخە دووپاتکردەوە، کە تێیدا خوالێخۆشبوو حوسێن ئاغای سورچی بەهۆی شەڕی ناوخۆوە بوو قوربانی.

لە تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکەدا، باری هەنووکەیی کوردستان و دواپێشهاتەکانی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان و دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان و چەند مەسەلەیەکی پابەند بە خانەوادەی خوالێخۆشبوو حوسێن ئاغای سورچی تاوتوێکران.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
تاوانە چەپەڵەکەی پایتەخت مەحکووم دەکات

بە بۆنەی کردەوە تیرۆریستییەکەی 4ی مایسی شاری هەولێر، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بەیاننامەیەکی ڕاگەیاندووە و ئەمەش دەقەکەیەتی:

هاووڵاتیانی بەڕێز زۆر بەداخەوە سەرلەبەیانی چوارشەممە تیرۆریستان جارێکی دیکە تاوانێکی گەورەی دیکەیان دەرهەق بە میللەتەکەمان ئەنجامدا، لەوکاتەی کە سەدان لاو لە هێزی ناوخۆی هەولێر ئامادەبوون بۆ ناونووسی لە ڕیزی خزمەتی میللەتەکەیان، تیرۆریستێکی بێویژدان خۆی گەیاندە ناویان و خۆی تەقاندەوە، کە بووە هۆی شەهیدبوونی نزیکەی پەنجا هاووڵاتی و بریندابوونی پتر لە پەنجا کەسی دیکە، لەم ڕووداوە دڵتەزێنەدا بەناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێزاری و ناڕەزایی توند بەرامبەر بەو تاوانە دەردەبڕین و ئەو کەسانە ریسواو تاوانبار دەکەین، کە هانی تیرۆریستان دەدەن بۆ ئەو کوشتارە کوێرانەیە، ئەو کەسانەی فەتوای ئەو تاوانانە دەدەن ئەو کەسانەشی ڕێنمایی و هاوکارییان دەکەن نەک تەنیا وەک تیرۆریستان، بەڵکو زیاتر خەتابار و تاوانکارن، ئێمە چاوەڕوانین کەسانێکی کە لەو کارە دژە مرۆڤایەتییە ئاگادارن یارمەتیی دەزگاکانی حکوومەت بدەن بۆ ئاشکراکردنیان تا خوێنی ئەو شەهیدانە بەخۆڕایی نەچێت، دوای کارەساتی یەکی شوباتی ساڵی پار ئەمە گەورەترین تاوانە کە لە هەولێری پایتەخت ئەنجام دەدرێت،

بڕوانە «ل6»

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
4ی مایسی 2005

بەیاننامەیەک لە مەکتەبی سیاسی-یەوە
بە بۆنەی تاوانە چەپەڵەکەی دوێنێی پایتەخت
نە ئەم تاوانە و نە تاوانەکانی دیکەشیان هەرگیز ئیرادەی پتەوی ئەم گەلە سست و لاواز ناکات

مەکتەبی سیاسی بە بۆنەی تاوانە چەپەڵەکەی دوێنێی لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆ، کە لەلایەن تاریکپەرستێکەوە ئەنجامدرا بەرامبەر لاوانی نیشتمانپەروەری کوردستان، بەیاننامەیەکی دەرکرد، ئەمەش دەقەکەیەتی:

لە کاتێکدا هاووڵاتیانی کوردستان لە سەقامگیری باری ئاسایش و هێمنایەتی و بەرەوپێشچووندان، لە دەمێکدا بووژانەوەیەکی بەرچاو لە بوارە جیاجیاکانی ژیان و گوزەرانیان بەرچاوە، کە دیارە دوژمن و ناحەزانی فیدرالییەت و دیموکراتییەت و ئاسوودەیی، چاویان پێ هەڵنایەت، ئا لەم کاتەدا شەمشەمە کوێرەکانی تاوان جارێکی دی دەستیان بە خوێنی گەشی ڕۆڵە بێ تاوانەکانی ئەم وڵاتە سەربەرزە سوور دەکەن و تاوانێکی تری دوور لە هەرچی بەهای ئاسمانی و ڕەوشتی بەرزی مرۆڤایەتی هەیە ئەنجام دەدەن. ئەوەتا سەرلەبەیانی چوارشەممە ڕێکەوتی 2005/5/4 ، لەبەردەم بارەگای لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆی سەر بە لقی 2ی پارتیمان لە گەڕەکی سەیداوە

بۆ ل6

بە بۆنەی ئازادبوونی مامۆستا عەلی باپیر
شاندێکی مەکتەبی سیاسیی سەردانی مەڵبەندی 3ی کۆمەڵی ئیسلامی دەکات

دوای بەدوای ئازادبوونی بەڕێز عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە بەندیخانەدا، سەرلەبەیانی دوێنێ شاندێکی باڵندی پارتیمان کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی و محەممەد مەلا قادر و مەحمود محەممەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و

بۆ ل6

لێدوانی ڕۆژنامەنووسیی:
وەزیری دەرەوەی بەریتانیا پرسەنامە ئاراستەی کەسوکاری قوربانییەکانی تەقینەوەی هەولێر دەکات

دوا بەدوای بڵاوکردنەوەی هەواڵی شەهیدبوونی پتر لە 60 کەس لە هەولێر، لە ئاکامی ئەو کردەوە خۆکوژییەی کە لە بنکەی وەرگرتنی پۆلیس ڕوویدا، بۆ ل6

بەیاننامەیەک لە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

دوێنێ ڕێکەوتی 4ی مایسی 2005، کاتژمێر 9,15ی بەیانی لەبەردەم یەکێک لە بنکەکانی تۆمارکردنی دامەزراندن لە هەولێر نزیک ئوتێلی زەیتوونە، کردەوەیەکی تیرۆریستیی خۆکوژی ئەنجام درا، بەهۆی قایشێکی مینڕێژکراو (حزام ناسف) کە بە کەسە تیرۆریستەکەوە

بۆ ل6

پاشماوەی لاشەی تیرۆریستەکە

هەولێر... لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا
46 هاووڵاتی شەهید و 71ی دیکەش بریندار

خەبات ـ کارزان حەیدەر - فۆتۆ: کاروان محەممەد:

کاتژمێر 9,15ی سەرلەبەیانی دوێنێ، تیرۆریستێک کە تائێستا ناسنامەکەی ئاشکرا نەبووە، خۆی لەناو ئەو کۆمەڵە لاوە کوردە تەقاندەوە، کە لەبەردەم لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆی پارتی لە شاری هەولێر بۆ دۆزینەوەی ناوەکانیان کۆببوونەوە، چونکە ماوەیەک پێش ئێستا داواکاریی خۆیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردبوو بۆ ئەوەی وەکو پۆلیس لە ڕیزەکانی ئاسایشی ناوخۆ خزمەت بکەن.

بۆ ل6

W????1/4U???1/2Ë–

دوێنێ جارێکی دیکە پایتەختی کوردستان خەڵتانی خوێن کرا، لە کاتێکدا کە لاوانی کوردستان بۆ خۆناونووسکردن لەپێناو پاراستنی ئەمنیەتی هاووڵاتیان لە بارەگای لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆ ڕیزیان بەستبوو، تیرۆریستێک لەو گرووپ و تاخم و باندانەی بۆ دژایەتی هەمووشتێکی مرۆڤانە دەژین و دەیانەوێ جیهانی مرۆڤایەتی بەشێوەی سەدەکانی ناوەڕاست لە قالب بدەنەوە، بەشێوەی ڕووداوەکەی 1ی شوباتی 2004 خۆی خزاندە ناو ئاپۆڕای لاوان و خۆی تەقاندەوە، لە ئاکامدا وەک سەرژمێری بەرایی 46 کەس شەهیدبوون و پتر لە 71ی دیکەش بریندارابوون، کە حاڵەتی هەندێکیان مەترسیدارە.

دیارە ئەمە یەکەم تاوان نییە بەرامبەر شارەکانی کوردستان بەگشتی و پایتەختی کوردستان بەتایبەتی دەکرێ، بەڵکو ماوەی نزیکەی یەک سەدەیە هەر جارەو بەشێوازێک و چەکێکی نوێوە ڕق و کینەی مێشک و دەروونە کرماوییەکانیان بە خەڵکی ئاشتیخواز و ژیانپەروەر و سەردەمییانەی کوردستان دەڕێژن..

ئەوانە دوور لەهەموو بەهایەکی ئایینی و مرۆڤایەتی تاوان لە دوای تاوان ئەنجام دەدەن، هەر بۆ ئەوەی ئارامی و سەقامگیریی کوردستان ئاڵۆز بکەن.. ئەوانە چاویان بەو کەشوهەوا ئازادەی کوردستان هەڵنایەت.. هۆکاری ئەنجامدانی ئەو تاوانە و تاوانەکانی دیکەی لەمجۆرە هەرچییەک بێت، هەمووی لەیەک بازنە دەخولێتەوە؛ ئەویش خۆ قەتیسکردنیانە بە بیرکردنەوەکانی سەردەمانێکی دواکەوتوویی و نەزانیی، کە لە ئەنجامدا لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی مرۆڤایەتی دابڕاون و هەموو کرانەوە و بەرەوپێشچوون و هەنگاو هەڵێنان بۆ بنیاتنانەوە،

بۆ ل6

کورد بەو سوێندە ناڕازییە کە ئەندامانی حکوومەتی نوێ خواردیان

ئاژانسەکان: دوێنێ لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراقدا، پەرلەمانتارانی کورد ناڕەزاییان لەسەر لابردنی سێ وشە لە دەقی ئەو سوێندە یاساییە دەربڕی، کە ئەندامانی نوێ بە سەرەکایەتی ئیبراهیم جەعفەری ڕۆژی سێ شەممە خواردیان.

لەمبارەیەوە فوئاد مەعسوم پەرلەمانتاری کورد لەبەردەم پەرلەمانی عێراقدا گوتی: فراکسیۆنی هاوپەیمانیەتی کوردستان

بۆ ل6

مووسڵ...
تەقینەوەی چەند ئۆتۆمبێلێک و دەستگیرکردنی چەند تیرۆریستێک

خەبات ـ عیسام داودی ـ سەعید مەموزینی:

دوێنێ لە گەڕەکی (المثنى)ی شاری مووسڵ، ئۆتۆمبێلێکی مینڕێژکراو تەقییەوە و بووە هۆی کوژرانی 3 هاووڵاتی و بریندارابوونی ژمارەیەکی دیکە، لە گەڕەکی (الحدباء)یش ئۆتۆمبێلێک تەقییەوە و بووە هۆی بریندارابوونی چوار

بۆ ل6

- ئەمڕۆ هەڵبژاردن لە بەریتانیا دەستپێدەکات..تۆنی بلێر داوا لە بەریتانییەکان دەکات دەنگ بدەن.
- کوڕی سەبعاوی زڕبرای سەدامیش دەستگیرکرا.
- شاندێکی U N دەربارەی کاروباری هەڵبژاردنی دادێ لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ گفتوگۆ دەکات.
- دەستگیرکردنی بەرپرسی سێیەمی ڕێکخراوی قاعیدە.

6